مێژووی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم:

# شۆڕشی سۆسیالیستیی چین و ڕزگاریی ژنان

بڵاوکراوەی "آتش"- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

وەرگێڕانی: زەردەشت نورەدین

دونیای ئەمڕۆ، تەنیا بریتی‌نیە لەو جەنگانەی کە لە زەوی و ئاسمان و دەریاوە مرۆڤ قەلاچۆ دەکەن و ژیانیان نائەمن و ناسەقامگیردەکەن. نیوەی کۆی مرۆڤەکان تەنانەت لەکاتی نەبوونی جەنگیشدا هەر لە جەنگدان. ئەو توندوتیژییەی کە ژنان لە جیهانی هاوچەرخدا ئەزموونی دەکەن بێوێنە و بێپێشینەیە. بەڵام لە سەردەمانێکی زۆر لەمەوپێش نا، بە سەدان ملیۆن ئافرەت لە توندوتیژیی جەستەیی و سایکۆلۆژی کە لەلایەن حکومەت(دەوڵەت)، پیاو، خێزان، تایەفە و دینەوە بەرامبەریان دەکرا، ڕزگاریان بوو و گوڕزێکی گەورەیان لە نایەکسانیی کۆمەڵایەتی، دا. لە چینی سۆسیالیستیدا، لە ساڵی ١٩٤٩ـەوە تا ساڵی ١٩٧٦، شۆڕشی سۆسیالیستیی چین، کە چارەکە سەدەیەک لە دژی حکومەتی محەلی، شەڕی ناوخۆیی و ناوچەیی، سالار و سەرکردە جەنگییەکان و هێزە ئیمپریالیستییەکانی یابان و ئەمەریکا خەباتیکرد و سەرکەوتنی بەدەستهێنا، شۆڕشێکی ژنانەش بوو. لەبەرئەوەی یەکێک لە ئامانجە گرنگەکانی شۆڕش لەناوبردنی سیستەمی باوکسالاری بوو. حیزبی کۆمۆنیستی چین کۆتوبەندبوونی ژنانی لە سیستەمی باوکسالاری لە چینی کۆندا بەم شێوەیە دەربڕیبوو، چوار دەسەڵات ئافرەتانی کۆتوبەند کردووە؛ **دەسەڵاتی دەوڵەت، دەسەڵاتی دین، دەسەڵاتی باوک، دەسەڵاتی خێزان.**

ئەخلاق و دینی کۆنفۆشیۆسی شەرعیەتی بەم چوار دەسەڵاتە دابوو و پاساوی دەدا. کەواتە ئازادی و ڕزگاریی ژنان بەبێ خەباتی یەکلاکەرەوە(ڕادیکاڵ) و بەردەوام لە دژی دین و ئەخلاقی کۆنفۆشیۆسی شتێکی مومکین نەبوو. حیزبی کۆمۆنیستی چین بەباشی لەم ڕاستییە تێگەشت و لە دژی دین وەک پاڵپشت و پێگەیەکی گرنگی چینی چەوسێنەر و دەوڵەتی حاکم خەباتیکرد. بەدرێژایی شۆڕشی چین لە ساڵی ١٩٢٧ـەوە کە لە شێوەی جەنگی درێژخایەنی کۆمەڵانی خەڵک و بەڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی چین و سوپای سور لە گوندەکانی چیندا بەردەوام بوو. گرنگییەکی زۆر بە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی جوتیارەکان لە بواری ئازادی و ڕزگاریی ژنان و هەروەها کۆنەپەرستیی بیروباوەڕی دینی دەدرا. ئەم خەباتە بەتایبەتی لە دەیەی ١٩٣٠ لە ناوچە گوندییە ئازادکراوەکاندا و هەروەها لە ڕەوتی خەبات دژی فیۆدالیزمدا ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و ڕزگاریی ژناندا بینی. خەبات بۆ ڕزگاریی ژنان بەبێ خەبات لە دژی دین، باوک و خێزان دەرەنجامی نەدەبوو. لەبەرئەوەی دین و باوک و خێزان بەشگەلێکی گرنگ بوون لە بە**هەرەمی**کردن و (بە**چینایەتی**کردن)ی کۆمەڵگا و درێژەدان بە سیستەمی حاکم

جەمعیەت.[1]

و باڵادەست. ماوتسی تۆنگ، ڕێبەری شۆڕشی چین بەباشی لەم ڕاستییە تێگەشتبوو. ئەو هەر لەسەرەتاوە شۆڕشی چینی لەسەر ئەو بنەڕەتە بنیاتنا کە نابێت لەبەرامبەر بیرکردنەوەی دواکەوتوو و کۆنەپارێزانەی کۆمەڵانی خەڵکدا بە چۆکدا بێن بەڵکو ڕزگاریی کۆمەڵانی خەڵک پێویستی بەوەیە کە لە بیرکردنەوەی کۆنەپارێز و تەقلیدی بدرێت. ئەم کارە بەهێواشی و لەسەرخۆ نەڕۆیشتەپێش. ئەو گوندییانەی کە یاسای جیابوونەوە(تەلاق) و دابەشکردنی موڵکانەی زەوییان بە دژی دینی کۆنفۆشیۆسی دەزانی و بەپێچەوانەی بەرژەوەندیی چینایەتیی خۆیانەوە لە دژی حیزب کاریان دەکرد و تەنانەت زۆرێک لە کادرە حیزبییەکانیان کوشت. تەنیا لەبەرئەوەی کە ئەم کۆمەڵە خەڵکانە دەچەسپێنەوە، حیزب پاشەکشەی نەکرد و سەری بۆ هزری کۆنەپارێزییان نەوی نەکرد.

لە بزووتنەوەی چەپی [ناوچەکە] و ئێراندا تێگەشتنێکی باو و شەعبی هەیە کە پێی‌وایە شۆڕشی دژەفیودالی تەنیا لە دژی موڵکداریی دەرەبەگایەتی و فیودالییە. لەکاتێکدا فیودالیزم سیستەمێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتوری و ئایدۆلۆژییە و باوکسالاری و دین پێکهێنەری سەرەکیین. **باوەڕێکی تری شەعبی ئەوەیە کە پێی‌وایە شۆڕشی چین بە ڕێبەرایەتیی ماوتسی تۆنگ «شۆڕشێکی جوتیاری» بوو**. بەڵام بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی چین، جێگیرکردنی سۆسیالیزم بوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کە دەبوو لەڕێگەی شۆڕش[ێک]ی دیموکراسییانەی نوێوە سیستەمی فیودالی لەناوببات. خەباتی حیزبی کۆمۆنیستی چین لەدژی سیستەمی فیودالی و باوکسالاری، دەسکەوتی گەورەی سەرسوڕهێنەری هەبوو کە شۆڕشی بۆرژوازی بەدرێژایی خەباتی سێ‌سەت ساڵەی خۆی نەک بەدەستی نەهێنابوو(بەڵکو شانی نەدەدا لە شانیشی). بۆنمونە شۆڕشی بۆرژوازیی ئەوروپا، پاش ئەوەی چینی بۆرژوا دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستهێنا و بۆ پتەوکردنی ئەم دەسەڵاتە، دوو برگەی زۆر گرنگی لە سیستەمی فیۆدالی وەرگرت و بەدەستکارییەوە تێکەڵ بە سیستەمی سەرمایەداریی کرد؛ واتە دین و باوکسالاری. عیدامکردن(اعدام)ی ژنێک بەناوی "ئۆلیمپ دوگۆژ" لە ڕێگەی دادگای شۆڕشی فەرەنسییەوە بە تاوانی ناڕەزاییدەربرین لەدژی یاسای نایەکسانیی پیاو و ژن نمونەیەکی سیمبوڵییە بۆ ئەم مەسەلەیە. بەڵام بەو پێیەی شۆڕشی چین بە ئامانجی جێگیرکردنی سۆسیالیزم و خەبات بۆ جێگیرکردنی کۆمۆنیزم لە سەرانسەری جیهاندا هەنگاوی دەنا، بۆیە ناچاربوو کە لە خەبات دژی فیودالیزمدا، وەها بەتوندی زەوییەکان بکێڵن کە دەرگاکان بەڕووی سۆسیالیزمدا واڵا بێت. ئەم شۆڕشە لە بواری خەباتی دژی دیندا نەیدەتوانی وەک شۆڕشە بۆرژوازییەکانی سەدەی هەژدەی ئەوروپا (وەک شۆڕشی فەرەنسا) خۆی کورتبکاتەوە بۆ

خەبات دژی کەنیسە، بەڵکو دەبوو خەبات لە دژی بیرکردنەوەی ئاینیی کۆمەڵانی خەڵکیش بکات و ئەو بیرکردنەوانە بگۆڕێت بۆ بیرکردنەوەی نوێ. لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی ئاینی لەناو کرێکاران و جوتیاراندا دەبووە هۆی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی چەوسێنەرەوە و لە هەمووی گرنگتر دەبووە هۆی چەوساندنەوەی ژن.

لە شۆڕشی چیندا، لە کاتی شۆڕش لە موڵکدا (کە بەشێک بوو لە بەرنامەی شۆڕش) تەنیا لە ڕیشەکێشکردنی خاوەندارێتیی فیودالیدا کورتنەکرایەوە بەڵکو هاوکات بنەڕەتێکی تری فیودالیزم کە باوکسالاری بوو کەوتە بەر هێرش. بۆ نمونە؛ زەوی لەنێوان جوتیاری فەقیر و بێئەرزدا بەیەکسانی لەنێوان پیاو و ژندا دابەشبوو. بەشێک لەبەرنامەی دژەفیودالی، ڕاگەیاندنی یاسای هاوسەرگیری بوو لەلایەن دەوڵەتی شۆڕشگێڕییەوە لە ناوچەکانی ژێر دەستی شۆڕشدا. ئەم یاسایە بە یاسای تەڵاق بەناوبانگ بوو. لەبەرئەوەی بەدوای ئەو یاسایەدا، ژمارەیەکی زۆر لەو ژنانەی کە بە زۆر درابوون بە شوو، یان بە هۆی ئابورییەوە پاشکۆی مێرد بوون، هەم پارچەزەوییان وەرگرت و هەم تەڵاقیش.

ماوتسی تۆنگ لە وتارێکدا بەناوی «ڕاپۆرتێک لەبارەی بزووتنەوەی جوتیاری هۆنان»(١٩٢٧) ئامانجی دەستبەجێی خەبات لە گوندەکانی چیندا(کە ناوچەی بەرەوپێشبردنی جەنگی درێژخایەنی کۆمەڵانی خەڵک لە دژی حکومەتی کۆنە و ئیمپریالیستە پاڵپشتەکانی و زۆرێک لە دانیشتوانی چین لەو ناوچەدا نیشتەجێ بووبوون) بە خەبات لە دژی چوار دەسەڵات ناودەبات: خەبات دژی دەسەڵاتی سیاسی، خەبات دژی دەسەڵاتی تایفە، خەبات دژی دەسەڵاتی دینی، خەباتی ژنان دژی دەسەڵاتی مێرد. بەلای حیزبی کۆمۆنیستی چینەوە ڕزگاربوونی پرۆلیتاریا، بەبێ ڕیشەکێشکردنی سیستەمی باوکسالاری و پیاوسالاری مومکین نەبوو و لەڕاستیدا تەرجومەی پراکتیکی ئەو واقیعە بوو کە پرۆلیتاریا تەنیا کاتێک دەتوانێت خۆی ڕزگار و ئازاد بکات کە بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتی، دژ بە هەموو جۆرەکانی ستەم و چەوساندنەوە خەباتبکات و هەموان بە ئاقاری کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا ببات.

لە کاردانەوە بەرامبەر یاسا شۆڕشگێڕییەکانی ناوچە ئازادکراوەکان، حکومەتی چیان کایچک (دەوڵەتی کۆنەپارێزی دانراوی ئیمپریالیستەکان) پڕوپاگەندەی دژەکۆمۆنیستیی گەورەی بەڕێخست. ڕادیۆکانیان دایمە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لە هەرکوێدا دەسەڵاتیان بەدەست هێنابێت ئەوا ژنانیان کۆلێکتیڤیزە(ئیشتیراکی)کردووە و ئەخلاقی

خێزان و تایەفە و نەتەوەیان پێشێلکردووە. حکومەتی "چیان کایچک" هاوکات لەگەڵ شەڕ لە دژی ناوچە ئازادکراوەکان و حکومەتی شوراییی، شەڕێکی بەناوی «بزوتنەوەی ژیانی نوێ» بەرپێخست کە ئامانجی گەڕانەوەی ئەخلاقی کۆنفۆشیۆسی بوو.

لە ساڵی ١٩٤٣دا ماوتسی تۆنگ لە ڕاپۆرتێکدا کە ئاراستەی کۆنگرەی نیشتمانیی حکومەتە شوراییەکان کرد، ئەوەی ڕاگەیاند کە هەرچەندە سیستەمی نوێی هاوسەرگیری «یەکێکە لە گەورەترین دەستکەوتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی» بەڵام ئازادیی هاوسەرگیری کاتێک گرەنتی دەبێت کە ژن و پیاو هەردوکیان ئازادیی سیاسی و ئابوورییان بەدەستهێنابێت. شۆڕشی سۆسیالیستی لەڕێگەی بەرنامەکەی خۆیەوە ژنانی فێردەکرد کە نەک تەنیا بەبێ خوا بەڵکو بەبێ پیاویش [بتوانن] بژین.

لە ساڵی ١٩٥٠دا واتە چەند مانگێک دوای سەرکەوتنی شۆڕش و جێگیربوونی دەوڵەتی کۆماریی کۆمەڵانی خەڵکی چین بەڕێبەرایەتیی حیزبی کۆمۆنیستی چین، دوو یاسا پێکەوە ڕاگەیەنرا. یاسای چاکسازیی زەوی و موڵک و، یاسای هاوسەرگیری. بەتایبەتی ژنانی گوندیی چین بەخێرایی لە گرنگی ڕاگەیاندنی هاوکات و پێکەوەپەیوەستی ئەو دوو یاسایە تێگەشتن. لەڕاستیدا ئەم دوو یاسایە بەدرێژایی خەباتی درێژخایەنی کۆمەڵانی خەڵک لە ناوچە ئازادکراوەکاندا و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتە شوراییەکاندا جێبەجێدەکرا. بەڵام ئێستا بووبوونە یاسای وڵات. بەگوێرەی یاسای چاکسازیی زەوی و مۆڵک، پارچەزەوی بەسەر خێزانەکاندا دابەشنەدەکرا بەڵکو بەسەر تاکەکاندا دابەشدەکرا. واتە بەسەر ژن و پیاودا و لەسەر هەرکەس بەجیا تاپۆ دەکرا. یاسای هاوسەرگیری، تەڵاقی زۆر ئاسان و خۆشکرد. ژنانی گوند بەخۆشحاڵییەوە دەیانوت پاش وەرگرتنی تاپۆی زەوی ئەوا داوای تەڵاق دەکەم بۆ ئەوەی ئیدی لە ژێر ستەمی مێرددا نەبم.

پاش کۆتاییهاتنی دەوڵەتی سۆسیالیستی لە چین (١٩٧٦) و جێگیربوونی بوونی سود لە کارگێڕییدا، ژنان جارێکی تر ئاوا بوون و تەنانەت شێوازی ناشیرینتری چەوساندنەوەی ژنان دووبارە سەریهەڵدایەوە. گەڕانەوەی سەرمایەداری لە چیندا بووە هۆی ئەوەی کە شۆڕشی مەزنی سۆسیالیستی و دەستکەوتە گرنگەکانی، بەدەستی بۆرژوازیی نێودەوڵەتی و ڕەوتەکانی وردەبۆرژوای کورتبین لەناوبچێت.

سەرچاوە: http://cpimlm.com/showfile.php?cId=1003&tb=zanan&Id=147&pgn=1